پرۆفایلی عومەر سەید عەلی
رێکخەری گشتی بزوتنەوەی گۆڕان

ساڵی (1945) لەگەڕەکی شێخان لەشاری سلێمانی لەدایك بوە.
ساڵی (1974) خانەی مامۆستایانی لەسلێمانی تەواو کردوە.
هەمان ساڵ بوەتە پێشمەرگە.
دوای نسکۆی شۆڕش لەژیانی سیاسی بەردەوام بوە، ساڵی
(1975)بوەتە ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان.
ساڵی (1976) لەگەڵ شەش سەرکردەی کۆمەڵە دەستگیر کران.
لە (1976/7/11) بە شەش ساڵ زیندانی سزا دراوە.
ساڵی (1979) بەر لێبوردنی گشتی کەوتوە و ئازادکراوە.
دوای ئازادبونی لەزیندان بە ئەندامی سەرکردایەتی
کۆمەڵە، سەرکردایەتی یەکێتی هەڵبژێردراوەتەوە.
ساڵی (1980) بەهۆی بۆردومانی فڕۆکە لەبناری کێوەڕەش
بریندار بوە، پاشان رەوانەی سوید کراوە، سەرپەرشتی رێکخستنەکانی یەکێتی کردوە
لەئەوروپا.
لەسەرجەم کۆنگرەکانی یەکێتی بەئەندامی سەرکردایەتی و
پاشان مەکتەبی سیاسی هەڵبژێراوە.
ساڵی (1992) بوەتە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان.
ساڵی (2009) دەستی لەئەندامییەتی مەکتەبی سیاسی یەکێتی
کێشایەوە.
یەکێکە لە دامەزرێنەرانی بزوتنەوەی گۆڕان.
کۆکاری فراکسیۆنەکانی بزوتنەوەی گۆڕان بوە.
رۆژی (2017/7/25) بە رێکخەری گشتی بزوتنەوەی گۆڕان
هەڵبژێردرا.
رۆژی (2019/9/14) جارێکی تر بە رێکخەری گشتی بزوتنەوەی
گۆڕان هەڵبژێردرایەوە